## گفتوگۆ لەگەڵ لیکۆڵەرەوە "فرانک سلاپپەر "
## دەربارەی چەکە کیمیاویەکانی عێراق و دەوری هۆڵەنداو کۆمەڵگای نێودەوڵەتی لە جینۆسایدکردنی خەڵکی کوردستاندا.



**ئامادەکردنی: ئەمیر قادر**

**تایبەت بەگۆڤاری ئەنفالستان**

بەشێکی ئەم دیدارەی فرانک سلاپپەر من تیایدا بەشداربووم کە ساڵی ٢٠٠٨ لە شاری هەولێر بۆ گۆڤاری ئەنفالستان ئەنجامدراوە کاتێک سلاپپەر بانگهێشتکرابوو بۆ کۆنگرەی بەجیهان ناساندنی تاوانی ئەنفال بەجیهان ، بۆیە بەشێک لە پرسیارەکانم ئاراستەکردووە، بەلام لەبەر سەرقاڵی من و بێکاتی ئەو ناچار دەبوو بەشەکەی تری لە هۆڵندا تەواو بکرایە، بۆیە پاش گەرانەوەیان بۆ هۆڵندا بەرێز ئەمیر قادر دیدارەکەی لەگەڵدا تەواوکردبوو بەسوپاسەوە ئەرکی نوسینەوەی ئەو بەشەشی گرتبووە ئەستۆو لەرێگەی ئیمایڵەوە ناردییەوەو منیش هەر ئەوکاتە لە ژمارە (٥) گۆڤاری ئەنفالستاندا بڵاومکردووەتەوە، بەلام کە بەرێز ئەمیر قادر ناوی ئامادەکاری خستبووە سەر وام بەباش زانی هەروەک خۆی بڵاوی بکەمەوە لەکاتێکدا ئەو بەشی دووەمی دیدارەکەی لەگەڵدا سازکردووەو ئەو بەشەی تریشی کەلێرە ئەنجامانداوە هەر ئەو وەرگێڕی بوو بۆ زمانی کوردی.      "عومەر محەمەد"

**فرانک سلاپپەر لێکۆڵەرەوە لە رێکخراوی (کەمپەینی دژ بەبازرگانی چەک لە هۆڵەندا) و ئەندامی کۆمیتەی هەڵەبجەولێکۆڵەرەوە لەسەر ئەو کۆمپانیاو کەسایەتیە سیاسیانەیە کە هاوکاری رژێمی بەعس بوون بۆ بەرهەم هێنانی چەکە کیمیاویەکان.**

پرسیار: پێمان خۆشە کورتەیەکمان لەسەر خۆت و لەسەر کەمپەینی دژی بازرگانی چەک بۆ باس بکەیت؟

فرانک: من ناوم فرانک سلاپیپەرە،لێکۆڵەرەوەم لەم ڕێکخراوەیەدا،ڕێکخراوەکەی ئێمە دوو بنکەی هەیە،لەئەمستەردام و خرۆنینگن،ڕێکخراوەکەی ئێمە نزیکەی 10 ساڵ تەمەنیەتی،ئێمە درێژ بوەوەی ڕێکخراوی (ئامۆک)ین کەبەکوردیەکەی دەبێتە (ناوەندی هاوکاری دژی میلیتاریسم بۆ لێکۆڵینەوە)،ئێمە ڕێکخراوێکین کەتایبەتین لەسەر بازرگانی بەچەکەوە لەهۆڵەند،بۆنموونە لێکۆڵینەوە لەسەر بازرگانی چەکی هۆڵەندی بۆ تورکیا،بۆ ئەندەنوسیا،ئێمە هەوڵ ئەدەین دەوری هۆڵەندا لەبازرگانی کردن بەچەکەوە لەئاستی ناودەوڵەتیش بۆ خەڵک ڕوون بکەینەوە،هەرلێرەوەش خەڵک ئامادەبکەین و نارەزایەتیان هەبێت دژبەبازرگانی بەچەک و وێرانکاریەوە، من بواری ئابوریم خوێندووە لەزانکۆی خرۆنینگن،دوای ئەوەش لەگەڵ ڕێکخراوی ئامۆک دەستبەکاربووم،هەر لە وێش تێزی زانکۆکەم ئامادەکرد،کەتایبەت بوو بە ڕۆڵی هۆڵەندا لەپڕچەک کردنی وڵاتانی دونیاو وڵاتانێک کەلەشەڕدان، ساڵانێک بەخۆبەخش کارم بۆ ئامۆک دەکرد و لەم ساڵانەی دواییدا لەپای کارەکەم حەقدەست وەردەگرم، نزیکەی 14 ساڵە لەم بوارەدا کاردەکەم،4ساڵی لەئامۆکداو دواترلەدروستبوونی کەمپەینی دژی بازرگانی چەکەوە لەم ڕێکخراوەدا کاردەکەم،لەم 10 ساڵەی دواییدا بۆم دەرکەوت کەبەرووبومی کارو لێکۆڵینەوەکانمان خەریکە  دەردەکەوێت،بێگومان هێشتا کارمان تەواونەبووە و پێویستامان بەکاری زۆرو کاتی زۆر هەیە تاکارەکانمان بەئەنجام دەدەین.

پرسیار: باپرسیار لەسەر ئەوکتێبە بکەین کە ئێوە ئامادەتان کردووە بەناوی (هۆڵەنداو چەکەکیمیاویەکانی عێراق)،تۆ یەکێک لەنوسەرانی ئەم کتێبەیت، ئەگەر لەوێوە دەستپێبکەین و لەسەر جیاوازیەکانی دوو وەزارەتی حکومەتی هۆلەندا لەساڵانی 1980دا و کێشەیان لەسەر بازرگانی کردن بەم چەکانەوە و ناردنیان بۆ عێراق، جیاوازی وەزارەتی کاروباری ئابوری کەئەوکات بەدەست لیبراڵەکانەوە بووەو وەزارەتی دەرەوە کەئەوکات بەدەست پارتی دیموکراتی مەسیحیەوە بووە،بەتایبەت لەسەر لیستی مادەکیمیاویە مۆلەت پێنەدراوەکان،
وەزارەتی ئابووری 21 مادەی داناوەو وەزارەتی دەرەوە خوازیاری 11 مادە بووە،گرنگترین گرێوگۆڵەکان و جیاوازیەکانی نێوان ئەودوو وەزارەتە لە کابینێتی ئەوکاتەی حکومەتی هۆڵەندیدا لەسەر چی بووە؟

فرانک: ئەمە بەڕاستی سیناریۆیەکی زۆر کلاسیکییە، سیناریۆی فرۆشیارێک کەوەزارەتی ئابووریە و سیناریۆی پیاو چاکێک کە وەزارەتی دەرەوەیە، من نموونەی وا ڕوون و ئاشکرام بە دەگمەن بینیوە، وەزارەتی دەرەوە لە ئەمەریکاو بەریتانیاوە ئاگادار دەکرێتەوە لەسەر ئەوبڕەزۆرەی مادەکیمیاویەکان کەلەهۆڵەنداوە دەگەنە دەستی ڕژێمی بەعس و چەکی کیمیاویان لێسازدەکرێت لەعێراقدا لەو لای ترەوە بۆڵکستاین وەک وەزیری ئابوری بەتوندی پێدادەگرێت کەئەم نارەزایەتیانە گرنگ نین، گرنگ ئەوەیە کەدەبێت کۆمپانیا هۆڵەندیەکان لەقازانجکردن و بازرگانی بەردەوام بن و لەسەر ئەمە زۆر بەتوندی پێدادەگرێت،نمونەی ئەوە دێنێتەوە کەشەڕی عیراق کۆتایی هات سەدام حوسێن سەیری دۆستەکانی لەشەڕو تەنگانەدا دەکات و ئەگەر ئێمە هاوکاری شەڕو سەهمان نەبێت دواتر سەدام حوسێن کەمترین کانس و کۆنتراکتامان ئەداتێ لەبەرهەمهێنان و بنیاتنانەوەی عێراقدا،ئەمە لەقسەو هەڵوێستی هەندێک پەرلەمانتاریشدا دەردەکەوێت کەپێدادەگرن و دەڵێن نابێت پەیوەدنی و بازرگانی لەسەرحسابی بێلایەنی هۆڵەنداو مافی مرۆڤ بێت.
ئەمە کاتێک زیاتر ڕووندەبێتەوە کەوەزیری ئابوری بۆڵکستاین لەئۆکتۆبەری 1988دا سەردانی پێشانگای ناودەوڵەتی لەبەغدا دەکات و هەرلەو سەردانەدا زمارەیەک کۆنتراکتی گرنگی ئابوری لەگەڵ عێراقدا ئیمزادەکات. لام وایە ئەمە زیاتر وەڵامەکە ڕوون دەکاتەوە، ئەگەر لەئەمڕۆداو بەچاوی ئێوە کە ئەو شەڕو

ماڵوێرانیەتان بینیوە،پارادۆکسی ئەوەی کەوەزارەتێک دژەو وەزارەتێک هەمووهاوکاریەکانی لەگەڵ دەولەتی بەعسدا دەباتەپێشەوە،لەسەرحسابی مەرگی کەسانی ترو لەپێناوی قازانجدا ئاگری ئەم شەرە خۆشدەکات.

پرسیار: ئەگەر لەسەر ئەوە قسەبکەین و زیاتر بابەتەکە روونبکەیتەوە کەکەی عێراق دەستی بەبەرهەم هێنانی گازەکیمیاویەکان کردووەو؟وەلەکەیدا بەرهەم هێنانی ئەم چەکانە زۆر پەرەی ساندووەو دەگاتە ئەوپەڕی خۆی؟

فرانک: بەپێی ئەو بەدواداچوونانەی ئێمە کردومانە،عێراق لەسەرەتای ساڵانی 1970 وە خەریکی بەرهەم هێنان و بناغەدانانی پرۆژەی گازە کیمیاویەکانی بووە،هەر لەسەرەتای ساڵانی 1980وە لەگەڵ دەستپێکردنی جەنگی عێراق و ئێراندا بەپەلەترو بەهەنگاوی خێراتر کاریان لەسەر ئەم پرۆژانە کردوە،لەسەرەتاوە پرۆژەیەکیان بووە کە کۆدەکەی 1922 بووە،لەساڵانی 1982-1983 دا بەرهەم هێنانەکان بەشێوەیەکی فراوان گەشەیان کردووە،نەک هەر لێکۆڵینەوەکانیان و تاقی کردنەوەکان بەڵکو مەبەستم بەرهەم هێنانیشە،لەبەرئەوەی عێراق پێشەسازیەکی وای نەبووە کەزۆربەی پارچەکان و شتەکان خۆی ئامادەی بکات یان بەرهەمیان بهێنێ پەنای بردۆتە بەربازرگانی و کڕینی پارچەو زۆرێک لەکەل و پەلە پێویستەکان لەدەرەوە،بۆ ئەمەش کۆمپانیا ئەمریکی و یابانی و ئەوروپیەکانی ڕاسپاردووە،کەهەم پارچەکانیان بۆ کڕیوە و هەم قۆناغی سەرەتایی بۆ بەرهەم هێنان و ئامادەکردنیان بۆ ئەنجام داوە،بۆنموونە کۆمپانیا ئەوروپیەکان بەبڕی زۆر ئەم ماددەو کەل و پەلانەیان بۆ عێراق کڕیوەو پەیداکردووە لە وڵاتانی ترەوە کەعێراق بەهۆی شەڕەوە گەمارۆی لەسەربووەو خۆی بۆی نەبووە ئەم مادانە بکڕێت،بۆ ئەم کارە لەرێگەی تۆڕێکی زۆر شارەزای ناودەوڵەتی لەبازرگان و کۆمپانیاکان بەرێگەی بەندەرەکانی ئۆردۆن و تورکیاو ڕێگای وشکانی وە بەدزیەوە ئەم چەک و کەل وپەلانەیان بردووە بۆ عێراق،تائەوکاتەی کەلەساڵی 1984دا یاسایەک بۆ بازرگانی و قاچاغ کردنی هەندێک لەم ماددەو کەل و پەلانە هاتۆتە ئاراوە لەنەتەوە یەکگرتووەکاندا، کاتێک ئەمریکایەکان چوونە ژێرباری ئەوەی کە لە مانگی مارسی ساڵی 1984دا عێراق لەشەرەکانیدا گازی کیمیاوی بەکارهێناوە،بەپێی ئەم یاسایە زۆربەی کۆمپانیاو وڵاتان لەم ماددانە و ئامانج لێیان ئاگاداركراونەتەوە، هەرلەم کاتەوە بەدەست هێنانی ئەم ماددانە بۆ عێراق و ئێران دژوارتربووە،لێرەوەشە کەکەسانی وەک فرانس ڤان ئانرات و بازرگانەکانی تری وەک چارلس تەنەکە دەوری گرنگتریان بەدەردەکەوێت.

پرسیار: ئەوەی کەلام سەیرە هۆڵەندا خۆی پێش هاتنی یاساکەی 1984 لەنەتەوەیەکگرتووەکاندا کەئەوکات ئەندامی یەدەک بووە،داوای یاسایەکی کردووە بۆ بەرگرتن بەبازرگانیکردن بەم ماددانەوە تالە داخوازیەکەی هۆڵەندادا ناوو لیستی ماددەکانیشی دیاری کردووە کەبریتین لە 21 ماددە تاقەدەغە بکرێن و دواتر بەلیستی 21 ماددەکە دەناسرێت هەرهۆڵەنداو بۆلکستاین دەیانکات بە 11 ماددەو دواتر بڕیاردەدرێت لەهۆڵەندا 7 ماددە بازەگانیان پێوە نەکرێت ،سەیرتر ئەوەیە کەکەسایەتی و کۆمپانیا هۆڵەندیەکان بەشی شێریان هەیە لەم بازرگانی و پرچەک کردنەی عێراقدا، ئەم دوو فاقیە لەقسەو هەڵسو کەوتی جیاوازدا دەکرێ چۆن لێل بدەینەوە؟

فرانک: لێکدانەوەی ئەمە دەبێت لەو کات و ساتەی خۆیدا سەیربکەین،ئەوکات وەزارەتی دەرەوە لەژێر دەستی پارتی دیموکراتی مەسیحی (ڤان دێر ستوڵ ) دابووە،و هەمان ساڵیش هۆڵەندا ئەندامی یەدەکی شورای ئەمنی نەتەوە یەکگرتووەکان بووە کە ئەم داخوازیەی کردووە و تا دەقی داخوازی نامەکە بەزمانی هۆڵەندی نوسراوە کەلەبەڵگەنامەکاندا هەیە و خوازیاری قدەغەکردنی ئەوماددانەیە کەلەسەرەوە باسمان کرد،هەر لەودۆکومێنتانەدا نامەی نارەزایاتەیەکانی بۆلکستاین وەزیری بازرگانی هەن کە نارەزایەتی بەم داخوازیانەی وەزیری دەرەوە دەردەبرێت،و هەڵسو کەوتەکانی وەزیری دەرەوە بەخراپ و لەبەرچاونەگرتنی بەرژەوەندیە باڵاکانی هۆڵەندا ناودەبات، بەڵام ئەبێت لەوەش ئاگاداربین کەبەوشێوەیەش نیە کەوەزارەتی دەرەوە هیچ گرنگیەکەی

بەبەرژەوەندیەکانی هۆڵەنداو بازرگانی کردن نەدابێت، بۆنموونە سەفیری هۆلەندا (داڤید سخۆرد) کەلەبەغدابووە لەلایەکەوە رەخنەی لەعێراق هەبووە لەسەربەکارهێنانی چەکی کیمیاوی و زۆرجاریش حکومەتی هۆڵەندای ئاگادارکردۆتەوە دەربارەی بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی لەلایان عێراقەوە،بەلام لەهەمان کاتدا بەشێکی گرنگیش بووە بۆرێکخستن و فرۆشتن و بازرگانی کردنەکانی کۆمپانیا هۆڵەندیەکانەکان لە گەڵ عێراقدا، ئەوخۆشی یەکێک لەوکەسانەبووە کەلەگەڵ بۆلکستایندا لەساڵی 1983دا کۆنتراکتەکانی ئیمزاکردووە

هەروەها لەهەموو ئەوتەلەکسانەی ئەوکاتەشدا کەلەنێوان وەزارەت و سەفارەتی هۆلەندا بووە و هەم پشتیوانی سیاسی بۆبڕیارەکانی وەزارەتی دەرەوە دەردەبڕێت و بازرگانی و فرۆشتنی کەل و پەلەکانی لاگرنگە،بەلام بەگشتی دەکرێت بگەینە ئەو ئەنجامەی کەوەزارەتی  بازرگانی دژایەتی تەواوی سیاسەتی دەرەوەی هۆڵەندا دەکات لەپەیوەندی بە مەسەلەی گازەژەهراویەکان و لەولای ترەوە بەپێچەوانەوە وەزارەتی دەرەوە مەسەلەی قەدەغەکردن وڕێزگرتنی لەیاسای قەدەغەکردنی ئەم ماددانەی لاگرنگە.

پرسیار: لە لێکۆڵینەوەکەدا بێجگە لەسەردانەکانی وەزیری کاروباری هۆڵەندی بۆ عێراق،سەردانی ئەفسەران و بەرپرسانی عێراقیم بۆهۆڵەندا بینی، کەسەردانی وەزارەتەکان و دواتر هەندێک لەکۆمپانیا هۆڵەندیەکانیان کردووە و زۆربەگەرمی پێشوازیان لێکراوە،ئەمەش لەکاتێکدابووە هەم حکومەت و هەم میدیاکان ئەوەیان بیستبوو کە عێراق خەریکی بەرهەم هێنان و بەکارهێنانی ئەم گازەکیمیاویانە بووە،بۆ نموونە سەردانی کۆمپانیاکانی خواروی هۆڵەندایان کردووە بۆ ئیستشارەی ئەندازیاری و دابین کردنی نەخشەو پارچەی کۆمپانیاکانی بەرهەمهێنانی چەکەکانی عێراق لەم بارەیەوە چەند ئاگاداریت؟

فرانک: بەڵێ ژمارەیەکی زۆری هاتوچۆو سەردان هەن ،بێجگە لەوانەی کەتۆ ئاماژەتپێدان،دەکرێت ئاماژە بەوەشبدەین کەبۆنموونە دوای کیمیابارانی هەڵەبجەش چەندرۆژ داوتر دەلەگاسیەکی گەورەی عێراق سەردانی هۆلەندایان کردووە و هاتوونەتە شاری دینهاخ،کەئەم وەفدە وەزیری بازرگانی ئەوکاتەی عێراق سەرۆکایەتی کردووەو چاویان بە وەزیری بازرگانی و چەند وەزیری ترو کەسانی پایەبەرزی دەولەتی هۆلەندا کەوتووە،دەتوانین ئەوەببینین کەبازرگانی زۆربەرۆتینی درێژەی هەبووەو مەسەلەی چەکەبەکۆمەڵ کوژەکان و کیمیاباران و مردنی هەزاران کەس باسیان لینەکراوە،لێرەدا زۆر پرسیار دێنەئاراوە کەڕەنگە واقعی ترینیان ئەوەبێت کەئایا هەر بەراستت حکومەتی هۆلەندا ئاگاداری ئەم تاوانەگەورەیە نەبووە یان ئاگاداری بانگهێشتکردنی ئەم وەفدەنەبووە،ئەگەروایە چۆن وەفدێکی ئاواگەورە بانگهێشتی هۆڵەنداکراوە و خەریکی کڕین و پەیداکردنی ماددەو بازرگانی کردن بوون،ئایا پرسیارێک لەچارەنووسی ئەم هەزاران کەسەی کەتائەوکاتە لانی کەم بوونە قوربانی ئەم مادده کیمیاویانە کراوە،لە کەسانی سیڤیل و سوپاییەکانی عێراق و ئێران کورد،لەکاتێکی ئاوادا ئەبینین کەهۆڵەندا چاوی خۆی لەراستیەکان دادەخات و خەریکی بازرگانی کردن و قازانجی زیاترە لە عێراق و ئێران دەستی بکەوێت،ئەوەمان لەبەرچاوبێت ئێران لەوکاتەدا بەسەرکردایەتی خومەینی دۆستێکی باش نەبووە بۆ وڵاتانی رۆژئاوا و ئەمریکاو زۆربەی دەرگاکان بەرووی ئێراندا کەمتر کراوەبوون،ئەوەشمان بیر نەچێت ئێران لەدەورانی شادا مشتەریەکی گرنگی بازرگانی هۆڵەنداو غەرب بووە،بازرگانی و چونەسەری کرینی مادده کیمیایەکان لەلایان عێراقەوە بەتایبەت لەسالانی 1979 بەدواوە زۆربەجیدی گەشەی کردووە.

پرسیار: لەشەری کەنداوداو دواتر لەکاتی شەری روخاندنی رژێمی بەعسدا باسی ئەوە دەکرا کە هۆڵەندا سەگی هەوسارکراوی ئەمریکایە،بەتایبەت کەلەدواشەردا وێرای نارەزایەتیەکانی خەڵکی هۆڵەندا دژ بەم شەرە،حکومەتی هۆڵەندا پشتیوانی سیاسی خۆی لەشەڕ دەربری،ئایە لێرەشدا هەمان شت دووبارە دەبێتەوە

لەپەیوەند بە چەکە کیمیاویەکانی عێراقەوە،بۆ نموونە ئەوەی کەلەکاتی شەڕی عێراق و ئێراندا ئەمریکا لایەنگری عێراق بووە؟

فرانک: بەڵێ ئەمە بە تەواوەتی ڕاستە، ئەبینین بۆ نموونە کاتێک ئەمریکا ڕۆناڵد ڕامسفیڵدی لەساڵی 1987دا ڕەوانەی عێراقدا کردووە و کۆنتراکتەکانی چەکی لەگەڵ عێراقدا مۆرکردووە، لەهەمان کاتداو بۆ هەمان مەبەست هۆڵەند بۆلکستاینی ناردبووە عێراق و کۆنتراکتی چەک و مادەکانی مۆرکردووە ،هەر لەلێکۆڵینەوەیەک کە ئێمەکردوومانە ئەوە دیارە کەوەختێک ئەمریکاو بەتایبەت دوای مقۆمقۆ لە نەتەوە یەکگرتوەکاندا بازرگانی هەندێک لەماددەکان قەدەغەدەکات ئیتر هەمان شت لەهۆڵەنداش ئەبێتە بابەت و قسەی لەسەردەکرێت،وێرای ئەوەش کەهەرلەزووەوە دەزگاکانی هەواڵگری ئەمریکاو هۆڵەندا ئەوەیان بە حکومەتی هەردوولاڕاگەیاندبوو کەکۆمپانیا هۆڵەندیەکان چەک و ماددەی کیمیاویان بە ڕژێمی عێراق فرۆشتووە،بەڵام تەنها کاتێک ئەمریکا قەدەغەی بازرگانی کردن بە کۆمەڵێک لەوماددانەوە ئەکات هۆڵەنداش بڕیارێکی کەم ناوەرۆکترو ناجدیتر لەوبارەیەوە دەردەکات و لیستی هەدنێک ماددە کە ژمارەیەن زۆرکەمترە لەوانەی ئەمریکا قەدەغەدەکات.



کتێبی (هۆڵەنداو چەکە کیمیاویەکانی عێراق)

پرسیار:لەلێکۆڵینەوەکەدا دیارە کەکۆمپانیاکانی وەک (مێل خێمی) و(کا،بی،ئێس،تەرنیوزە) و هەندێک کۆمپانیای تر کەدەوری کەمتریان لەم بازرگانیەدا هەیەو،فرانس ڤان ئانرات کەسزای 17 ساڵی زیندانکردنی لەسۆنگەی بازرگانی کردن بەم چەکانەوە وەرگرت،کەفرانس نەک هەرلەهۆڵەنداوە بگرە لەولاتانی تریشەوە بازرگانی کردبوو، بێجگە لەوەش سالانێک لەعێراقدا پەرەی بە پرۆژە کیمیاویەکانی عێراق ئەداو بۆ وەزارەتی پیشەسازی جەنگی عێراق کاری کردووە،هەروەها سیاسیەکانی هۆڵەنداش نموونەی بۆلکستاین ئەبینین کەدەوری گرنگیان لەپڕچەککردن و هاوکاری عێراقدا هەبووە،ئەگەر وتەکەی یۆست هلتەرمان بکەم بەشایەدو بەهەمان دەق کەدەڵێت ولاتانی ڕۆژئاوا تاوانبارن لەجینۆسایدکردنی خەڵکی کوردستاندا،ئەگەر ئەمە بچووم بکەمەوە و زومی پرسیارەکە بکەمە سەر هۆڵەند ئایە ئەتوانین بڵێین کەهۆڵەندا هاوتاوانە لە جینۆسایدی خەڵکی کوردستاندا ؟

فرانک: بەلێ من لام وایە تەتوانین هێلێکی تەریب ببینین،ئەتوانین بازرگانی فرانس ڤان ئانرات و بەقاچاغبردنی ماددەکان و بڕی ماددەکان لەمانگی مارتو ئەپیلی ساڵی 1988 وە ببینین، پێش ئەوەش زۆرترین ڕێژەی ماددەکان و گازە خنکێنەرەکان کۆمپانیاکانی (مێل خێمی) و(کا،بی،ئێس،تەرنیوزە) ببینین کە بڕی هەو ماددانە

بەهـەزاران تـەن مەزنـدە دەکـرێن،من زۆرلام گرنگنیـە سـەیری یاسـای قەدەغەکردنـەکان بکەین،ئەوەنـدەی لام پرسیارە ئایە ئەیان زانی یان ئەکریت زانیبێتیان کەکاتێک ئەم مادانەیان بەعێراق فرۆشتوە بەم برە زۆرانە ئامـانج چیبـووەو بـۆ چـی لەعێراقدابـەکار دێن؟،مـن دوای ئـەم لێکۆڵینەوەیـەم بـە لایـانی کـەم دەتـوانم شـایەدی ئەوەبدەم کەئەوان زانیبێتیان بۆچی بـەکاردێن،و مـن لەپرۆسـەی ئـەوەدام کەئەمـە زیـاتر روونبکەمـەوەو وەڵامـی هـەمـوو گومـان و پرسـیارەکان بدەمەوە،ئێمـە ئـەوە ئـەزانین کـەلانی کـەم لـە نۆڤەمبـەتی 1980وە لـەرێگای رۆژنامـەکان و ناوەنـدە خەبەریەکانـەوە بـاس لەبـەکارهێنان و بـرەودان بەبەرهـەمهێنانی ئـەم گازانـە لەلایـەن عێراقەوە،ئەگـەرچی ئەمـە لەسـەرەتاوە بـەرێژەی کـەمبووەو زیـاتر لـەدژی سـوپای ئێرانبـووەو لەبـەرەکانی جەنگدابەکارهاتووە،ئەم راستی و راگەیاندنانە لادواتردا بەشێوەیەکی ئاشکراترو پانتاییەکی زیاتر لەمیدیاکان دادەگریت،بەتایبـەت هەرکەسـێک کـەمێک رۆژنامـەکانی خوێندبێتـەوەو گوێی لەمیدیاکان گرتبێت لەهۆلەندا بـاش ئـەزانێت بەتایبـەت دوای سـاڵی 1983 بـەدواوە بـاش و روونـە کـەعێراق ئـەم مادانـە بـۆ بەرهـەمهێنانی ئـەم گازانەبەکاردێنێت و لەشـەرِدا ئـەم چەکانە بەکارهاتووە،هەرلەبـەر رۆشنایی ئەمەشـەوە ئەمـە زۆربەباشـی دیارە کەئەم کۆمپانیایانە زۆربەباشی ئاگاداربوون کەئەم مادانە بۆ قرکردن و لەناوبردنی خەڵک بەکاردێن،لەپرۆسـەی دادگایی فرانس ڤان ئانراتدا ئەمـە بەباشـی روون بوەوە،بۆنموونـە لەکۆمپانیایەکی ئـەڵمان بـەناوی (باس.ئێف) لەلایـەن عێراقـەوە داوای برێکـی زۆری مـەوادی کیمیـاوی کـراوە لەسـاڵی 1981 و 1982دا و ئـەوکۆمپانیایەیـە ئامادەنـەبووە ئەومادانـە بـەوبرِ زۆرە بفرۆشـێتە عێراق و رایگەیاندووە،کەئـەم مادانـە بـەم برِەزۆرە دەکرێت ئامـانج لێیـان تـەنها یـەک شـتبێت کەئـەویش بـۆ بەرهـەمهێنانی گـازی خنکێنـەرو کیمیاویـە، ئـەوانیش هاوکـاری کۆمپانیاکـانی (مێـڵ خێمـی) و(کا،بی،ئێس،تـەرنیوزە) بـوون هەرئەوەنـدەی وان میـدایاکانیان خوێندۆتـەوەو زانیاریشـیان لەسـەرئەم مادانـە ئەگـەر کەمترنـەبووبێت زیـاتر نەبووە،بۆئـەوان ئـەو هەڵوێسـتەیان بـووەو حکومەتیان لەمە ئاگادارکردۆتەوە بۆ (مێڵ خێمی) و(کا،بی،ئێس،تەرنیوزە)ئەمەیان نـەکردووە و خۆیان واپێشان داوە کـەعێراق ئـەکرێت ئـەم مادانـە بـۆ ئامـانجی مـەدەنی بەکاربێنێت،بۆنموونـە بـۆ بەرهـەم هێنـانی پارچـەو قوماش،لەکاتێکدا دیاربووە کەعێراق هیچ کارگەیـەکی لـەم جـۆرەی نـەبووەو هـەموو پیشەسـازی عێراق لـەژێر سەقفی وەزارەتی پیشەسازی و بەرهـەمهێنانی کەلوپـەلی جەنگدابووەو بردنـەوەی جـەنگ لـەدژی ئێران ئـامانجی گرنگ و گەورەبووە،راستیەکەی ئەوەیە کەئەوان زانیویانە چی دەفرۆشنە عێراق و عێراقیش بۆ چی بەکاریدێنێت بەلام چـاوی خۆیـان داخسـتووەو ملیـان خسـتۆتە ژێرلمـەوە تاراسـتیەکان نـەبینن و تـەنها یەکشـتیان لاگرنگبـووە بازرگانیەکی باش و قازانجی بێوێنە.

پرسیار:ئێستا ئەمە رۆشنە،بەلام شتێکی تریش هەیە بۆنموونە کە حکومەتی هۆڵەندی کۆمپانیایەکی هۆڵەندی لەسـالانی هەشـتاکاندا سـزاداوە لەسـەر بازرگانی کـردن بـەم مادانەوە،لـەم بارەیـەوە لێکۆڵینەوەکەی ئێوە جۆن ئەمەی لێکداوەتەوە؟

فرانک: بـەڵێ ئـەوە راسـتە ئـەو کۆمپانیایە کۆمپانیـای (مێـڵ خێمـی) بووە،بـەلام ئەمـە هەندێک لەسـەروەسـتان و دیقەتکردنی پێویستە،لەسەرەتاوە دوای چەندین جارو وەجبە ئەم کۆمپانیایە تەنها یـەکجار ئـەویش بـەبرێکی زۆر رەمزی کـەم سـزادراوە کـە برێ 11000 گلدنی هۆڵەندی ئـەوکات بـووە کەدەکاتە نزیکـەی کـەمتر لـە 55000 ئیرۆی ئێستا ئەویش تەنها دوای سەپاندنی سزاکەیە کە (مێڵ خێمی) یاسای بازرگانی کردنی خستۆتە ژێر پێوە کەلەساڵی 1984دا ماددەکانی (فۆسفۆرید) و (فۆکس فلۆرایدیان) ناردبوو بۆ عێراق،لەهەمان مەلەفیشدا باسی ئەوە ئەکەن کەگوایە ئەم مادانەیـەن لەعێراقەوە گەراندۆتـەوە بۆ هۆڵەندا ئـەوەی کە ئەمـە بـە فیعلی کرابێت پرسیار هەلدەگریت و من گومانم لێی هەیە!.

پرسیار:سەرچاوە بنەرەتیەکانی لێکۆڵینەوەکەت لەسەر ئەم کۆمپانیاو مادانە چین و کێن؟

فرانک: بەشێکی ئەم لیکۆڵینەوەیەی من تازەنیە،لەهەندێک ناوەندو جێگە ئەم زانیاریانە هەبوون،ئەوەی من کردوومە لسیت کردنو ئامادەکردنی هەموو ئەوانەبووە ،ئەمە بێجگە لە گەران بەدوای ئەوبەشانەی کەنادیاربوون و پرکردنەوەی ئەوبۆشاییە نەزانراوانە بەزانیاری و راستی ورد،من زۆربەی ئەمانەم لە کەناڵەکانی وەک،وەزارەتی بازرگانی و ئەرشیفەکانی،وەزارەتی کاروباری دەرەوە و ئۆرگانەکانی دەوروبەری، دا دەستم کەوتون،لەهۆڵەندا حاڵەتێک هەیە پێیدەڵێن ئاشکراکردنی راستیەکان یان کردنەوەی دەرگاکانی ئەرشیفەکانی وەزارەتاکان و ئۆرگانەکان، کەمن لەوێدا زۆرزانیاریم بەدەستخستووە،ئەمەبەشە تازەکەی لێکۆلینەوەکە پێکدێنێت،دۆکومێنتەکانی کەتاماوەیەک لەمەوبەرپارێزراوو نەهێنی بوون من خستومنە بەر روناکی و لێکۆڵینەوەکەم لەسەر بنایات ناون،هەم زانیاری وەزارەتەکان و هەمدەوری ئەمریکاو هەموو ئەوشتانەی تریش وەک دەوری سیاسیەکان لەم پرۆسەیەدا بەتایبەت لەساڵی 1984 بەدواوە،،من بەشێکی تریشم لەزانیاریەکان لەوکۆنتراکتانەوە کەلەنێوان کۆمپانیاکاندا کراون دەستکەوتووە ،ئەمانەو بەشێکی گرنگی ئەوزانیاریانەش کەلەکاتی داگایی فرانس ڤان ئانراتدا ئاشکرابوون و هاتنەمیدیاکانەوە، یان لەکاتی دادگایەکدا لەناوهۆلی دادگادا خۆم یاداشتم کردوون یان لەدۆسیەی فرانس ڤان ئانراتدا هەن،لەهەمووان گرنگتر راپۆرتە نەهێنیەکانی (ئێف،ئێف،سی،دی) کە پوختەی ئەوزانیاریانەن کە هەم عێراق داویەتی بە نەتەوەیەکگرتووەکان و هەم لەسەر عیراق زانراون لەسەر چەکەبەکۆمەڵکوژو کیمایاویەکانی عێراق...

پرسیار: ئایا ئەوزانیاریانەی کەلەسەر ئەم کۆمپانیایانە هەن بەشی ئەوەدەکەن،یان بەکەڵکی ئەوەدێن کەلەسەریان لێکۆڵینەوەی یاسایی و شکاتکردن لێیان دەست پێبکرێت؟

فرانک:تۆکەلێکۆڵینەوەکەت خوێندۆتەوە ئەزانی کەزانیاری زۆر ووردی تیدایە،بۆنموونە بری ماددەکان،ناوەکانیان،بۆچی بەکاردێت و چی لێبەرهەمدەهێنریت،کێ و کام کۆمپانیا ئەوانەیان فرۆشتووە،کەی و لەکام ساڵ و مانگ و رۆژدا،ساڵ وهۆکارو ریگای گەیشتنیان بەعیراق،لەراپۆرتەکانی عیراقیشدا کەلە نەتەوەیەکگرتووەکەن هەن لەسەر ئەم چەکانەی ئەم زانایاریانە یەکدەگرنەوەو یەکتری و راستەکان بەهێزتردەکەن،هەر لێرەوەش ئەوە بەدەردەکەوێت کەدەوری ئەم کۆمپانیایانە چی بووە،نەک هەر دەوری کۆمپانیاکان بەڵکو دەوری هەندێک لە سیاسیەکانیش کەلەم دۆزەدا بەدەردەکەون دەکریت شیاوی دۆزێکی یاسایی و هەڵویستەکردنی داگاکان بێت لەسەریان،ئەوەت لەیادنەچێت کۆمپانیاکان خۆیان لەپشت بریارو هاوکاری سیاسیەکانەوە شاردۆتەوە،بۆنموونە بۆلکستاین نوێنەری بەرژەوەندی و قازانجی کۆمپانیاکان بووە،نەک هەرئەمەش بەڵکو مەسئولیەت وبەرپرسیاری مۆراڵی و ئەخلاقی ئەمانە لەبەرانبەر هەموو ئەو قوربانیانەی کەبوونە قوربانی ئەم دۆزەکوشندەو ژەهراویە،جێگەی لێپێچینەوە بەدواداجوون و خستنە بەردەمی دادگان.

پرسیار: لەکاتی داگای فرانس ڤان ئانراتدا باسی ئەوە دەکرا کە لە 90% ی ئەم ماددانە لەقۆناغێکی دیاری کراودا لەلەیەن فرانس ڤان ئانراتەوە فرۆشراون بە عێراق، لە لێکۆڵینەوەکەی ئێوەدا باسی بری 45% ئەکەن کە کۆمپانیا هۆڵەندیەکان لەقۆناغێکی تراد بە عێراقیان فرۆشتووە،هەروەها لە لێکۆڵینەوەکەدا باسی کۆمپانیا یابانی و ئەمریکی وئاسیایەکان هەیە،دەکریت لەم بارەوە زیاتر ئەمە روون بکەیتەوە ؟

فرانک: دەبێت لەسەرەتاوە ئەوە لەبەرچاو بگرین کەباسی کام قۆناغ و کام ساڵ دەکەین،فرانس ڤان ئانرات لەساڵی 1985 بەدواوە دەوری زیاترو گرنگی هەیە و ئەوبری 90% هی ئەودەورانەیە واتە لە 1985 بەدواوە کەلە ریگەی فرانسەوە بەقاچاغی گەیانراونەتە عێراق،واتە کاتێک کە بازرگانی کردن بەم ماددانەوە بەپێی یاسا

قەدەغەکراوە،کۆمپانیاکان دەوریان لەساڵانی 1980 بەدواوەو تا ساڵی 1985 و دواتر درێژە ئەکێشێت و ئەوبڕی 45% سەرجەمی ئەوانەیە کە کۆمپانیا هۆڵەندیەکان داویانەو فرۆشتویانە بە عێراق،ئەم راپۆرتە باسی زۆر شتی ترئەکات و زۆرشت روون ئەکاتەوە بۆ نموونە بارچەو کەلوپەلەکانی دروستکردنی کۆمپانیاکانی عێراق زۆربەیان لەلایەن کۆمپانیا ئینگلیزی و ئەڵمانیەکانەوە دابین کراوە،ئەوەشمان لاڕوونبێت کەفرانس و کۆمپانایا هۆڵەندیەکان تەنها بازرگانیان بەم کەل و پەل و ماددانەوە کردووە و واتە خۆیان بەرهەمیان نەهێناون ئەوان تەنها کڕیویانن و رەوانەی عێراقیان کردوون،کۆمپانیا ئەمریکی و یابانی وئەڵمانیەکان بەرهەم هێنەری ئەم ماددانەن، بێجگەلەوەش  هەم فرانس و هەم کۆمپانیا هۆڵەندیەکان راستەوخۆ بازرگانیەکانیان لەرێگەی کۆمپانیای (سۆرغی) عێراقیەوە کردووە،کەبەناو کۆمپانیایەکی عێراقی بووە بەڵام لەرستیدا بەشێک بووە لە وەزارەتی پیشەسازی جەنگی عێراقی و ئەوان بەرێوەیان بردووە.

پرسیار: جێتان لەم لێکۆڵینەوەیەدا پێ گرنگە یان گرنگی ئەم لێکۆڵینەوەیە بۆ ئێوە لەچیدایە،بەتایبەت کەزۆر لەسەر رۆڵی هۆڵەنداو کەسایەتیە سیاسیەکان و لەم لێکۆڵینەوەیەدا بەدەر ئەکەوێت و باس ئەکرێت؟

فرانک: بەداخەوە هەمیشە هۆڵەندا دەورێکی خراپ لەم دۆزانەدە ئەبینێت،سەیری مەلەفی ئەتۆمی بکە، یان سەیری چەکەک بەکۆمەڵ کوژیەکان بکە کە کەوتۆتە دەست پاکستان، هۆڵەندا وڵاتێکی بچووک لەسەر نەخشە بەڵام هەمیشە دەورێکی زۆرخراپ و نەگەتیڤی هەیە لەم تێکەولێکانەدا، ئێمەلە فەرەنساو ئەڵمانیاو ولاتانی تر بچووک ترین بەڵام هەمیشە چەند بەرابەری ئەوان دەوریخراپمان هەیە لەم کارانەدا،هەمان وڵات واخۆپیشئەدات لەناوەندە ناودەوڵەتیەکاندا کە بۆئارامی و بۆ ئاشتی هەوڵ ئەدات،کە بەداخەوە پێچەوانەکەی راستە و دەورێکی دوفاق ئەبینێت، بۆیە ئێمە وەک (کەمپەینی دژی بازرگانی چەک) لامان گرنگە راستیەکان ئاشکرابن و خەڵکی هۆڵەند ئەم پارادۆکسە ببینن رووی راستی شتەکان پیشان بدەین،دەبێت هۆڵەندا شەرم لەمە بکات و لەم هەڵەوتاوانانەوە فێر ببێت،ئەگەر ئێمە لەم هەڵانەوە لەم تاوانانەوە فێر نەبین دیار نیە دوای 5 ساڵی تر چەکی کۆمەڵ کوژ ئەدەینە کێو چی تاوانێکی تر ئەنجام ئەدریت ؟،ئەبێت ئەوە پیشانی بازرگانەکان و سیاسیەکان بدەین کەلەپێناوی بەرژەوەندی تەسک و قازانج و سەرمایەدا ژیان و گوزەرانی خەڵکانی تر نەکەنە قوماری مان و نەمانەوە،لەلایەکی ترەوە هۆڵەندا ئەگەر دەوری خراپ بووە،دەبێت رووە باشەکەی خۆی پیشانبدات و ئامادەبێت و دان بەهەڵەکانی خۆیدابنێت و دەستبکات بە هاوکاری هەمە لایەنەی ئەوانەی بوونە قوربانی.

دوا پرسیار؛ ئەم باسەو ئەنجام گیرەی شتێکی بیر هێنامەوە،ساڵی پارکریستا ڤان فێڵزن کەپەرلەمانتارەو لەسەر لیستی پارتی سۆسیالیستە،داوای لەحکومەتی هۆڵەنداکرد کە خەرجی پرۆژەیەکی پزیشکی بدات،کەتایبەتبوو بە ژنانی بەرکەوتووی چەکی کیمیاوی نەخۆشی سەرەتان لەهەڵبجە،حکومەتی هۆڵەندا چەند وەڵامی ئەم داخوازیەیەی دایەوە؟

فرانک: با ئەوە ئاشکرابێت کە حکومەتی هۆڵەندا راستەوخۆ بەرژەوەندی سەرمایەدارەکان و کۆمپانیاکانی لەعێراقدا تەئمین کردبوو،بەوهۆیەی هیچ کۆمپانیایەکی بیمە ئامادەنەبوو زامنی سەرمایەی ئەوکۆمپانیایانە بکات لە عێراقێکی پرشەروشۆرو ئاشوبدا، عێراق بەوەش ناسرابوو کە قەرزاکانی زۆر کۆن دەبوون زوو نەیدەدان، من ئاگاداری ئەوەم کە کەپەرلەمانی هۆڵەندا باسی ئەوەیکرد کەلەم قەرزانەخۆش ببن و بدێت بە عێراق ،ئەمە لەرۆژنامەی (تراو) دا چەند ساڵ لەمەوبەر بڵاوبۆوە، کارێکی سەیرە،کە کۆمپانیای (مێڵ خێمی) چەند ساڵ لەمەوبەر لەسەر ژێرپێخستنی یاسای بازرگانی ماددە کیمیاویەکان سزادرابوو کەناردبوونی بۆ عێراق،بەڵام هەمان کۆمپانیا لەعێراقدا بەرژەوەنیەکانی لەلایەن دەوڵەتی هۆلەنداوە تەئمین کراوەو کرێدیتی پێدراوە،ئەمە

هەمان ئەوپارادۆکسەیە کەسیاسەتی هۆڵەندی بەڕیوەی دەبات و ئێمەش دەمانەوێت بخرێتەڕوو خەڵک لێیان ئاگاداربێت و هەڵوێستیان لێوەردەگرێت.

بۆخوێندنەوەی ڕاپۆرتی کۆمیتەی دژی بازرگانی چەک لەهۆڵەندا سەری ئەم لینکە بکە:
Rapport Campagne tegen Wapenhandel:
http://www.stopwapenhandel.org/publicaties/boekenbrochures/Irakrapport.pdf